## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٥٩) لە ٢٠٢٤/٧/٣

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی دارایی و ئابووری، و لەبەر ڕۆشنایی نووسراوی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٣٠) لە ٢٠٢٣/١٠/٢٣ و هاوپێچەکەی ڕاپۆرتی تیمی وردبینیی هاوبەشی نێوان هەردوو دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵ و هەرێم لە ڕۆژی ٢٠٢٣/١٠/١٧ تایبەت بە ئەنجامی چاودێری و وردبینیی ژمارەی فەرمانبەران و خانەنشینان و سوودمەندانی چاودێریی کۆمەڵایەتی لە هەرێم کە پێشنیاریان کردووە بە بەرکارکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤، و ئاماژە بە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (٢١٢/ فیدراڵی/٢٠٢٢) لە ٢٠٢٢/١١/٢٣ کە تیایدا هاتووە بە پابەندکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینیی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ هەموارکراو، و نادروستیی بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێکردنی یاسای هەڵوەشاوەی خانەنشینیی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦، و هەروەها ئاماژە بە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (٢٢٤ وموحدتها ٢٦٩/ فیدراڵی/٢٠٢٣) لە ٢٠٢٤/٢/٢١، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٥) لە ٢٠٢٤/٧/٣، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی پێشنیاری جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینیی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی ناوچەکانی دیکەی عێراق دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکان.

٢. ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری و دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بۆ گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی و ئیداریی پێویست لەگەڵ وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و دیوانی چاودێری دارایی هەرێم و فیدراڵ، پشتبەست بەو بنەما یاساییانەی لە پێشەکیی

ئەم بڕیارەدا هاتوون بۆ مەبەستی تەواوکردنی ڕێکار و پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی یاسای ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە.

٣. لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمیش وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم بەردەوام بێت لە هەنگاوەکانی ئامادەسازیی ڕێکخستنەوەی کەرتی خانەنشینی لە چوارچێوەی یاسای خانەنشینیی یەکگرتووی فیدراڵیی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ هەمووارکراو و ئامادەکردنی لیستی مووچەی خانەنشینی بە گوێرەی ئەم یاسایە و گونجاندنی مووچە و شایستە و ئیمتیازاتی خانەنشینکراوانی هەرێم لەگەڵ حوکمەکانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ و ڕاستکردنەوەی مووچەکانیان.

٤. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و دیوانی چاودێری دارایی هەرێم و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون کاری چاودێریی بەدواداچوون بۆ مەبەستەکانی ئەم بڕیارە ئەنجام دەدەن.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**